## شاراپۆڤا
## گاڵتە بە گۆڤارێک دەکات

گۆڤاری (فۆربس) بەناوبانگ ئامارێکی سەبارەت بە گرانترین وەرزشوانانی جیهان لەسەر ئاستی کچان لە رووی مووچە ئاشکرا کرد و تیاییدا یاریزانی تێنسی سەر زەوی رووسی ماریا شاراپۆڤا لە پلەی یەکەمی ئەم ئامارە هات بە بڕی ٢٧,٩ ملیۆن دۆلار و یاریزانی چینی لی نا لە پلەی دووەمی ئامارەکە هات بە بڕی ١٨,١ ملیۆن یۆرۆ.

لەمبارییەوە ماریا شاراپۆڤا یاریزانی تێنسی سەر زەوی رووسی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە وڵامی پرسیارێك گاڵتەی بەم گۆڤارە کرد و وتی: کەی گرنگیمان بە گۆڤاری فۆربس داوە؟ ئایا ئەم گۆڤارە ژمارەی نهێنی من لە بانك دەزانێت؟ تاکو بزانێت من چەند وەردەگرم.



## دلارام ئەحمەد:
# پێویستە قوتابخانەی تایبەت بۆ جیمناستیک بکرێنەوە

هەرچەندە لە ئێستا ئاستی یاری جیمناستیك لە کوردستان وەکو پێویست نییە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان گرنگی پێ بدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین یاریزانی بەتوانا هەیە کە رۆڵیان هەبووە لەبەدەستهێنانی چەندین ئەنجامی بەرچاو، یەکێك لەم یاریزانانەش دلارام ئەحمەدە ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٢ی شاری مەهابادە لە کوردستانی رۆژهەڵات، ناوبراو لەسەر ئاستی هەڵبژاردەی ئێرانیش چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەست هێناوە، لە ئێستاشدا لە ریزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر وەرزش دەکات، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.



***چۆن بوو لە وڵاتی ئێرانەوە پەیوەندیت کرد بە یانەی پێشمەرگەی هەولێر؟**

-من سەرەتا لە وڵاتی ئێران یاری جیمناستیکم دەکرد لە یانەی مەهاباد لەوێش چەندین ئەنجامم بەدەستهێناوە،دواتریش لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر داواکرام منیش بەخۆشحاڵیەوە یانەکەم قبوڵ کرد.

***ئاستی یاری جیمناستیک چۆن دەبینی لە کوردستاندا؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت ئاستی ئەم یارییە ئەوەی من شارەزایی لەسەر بێت ئاستی باشە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ئاستە بەرزە نییە، بەڵام دڵنیام لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاستی بەرەوپێش دەچێت ئەگەر گرنگی باشی هەبێت.

*** بۆبەرز کردنەوەی ئاستی یاری جیمناستیك چی بکرێت باشە؟**

-پێم باشە لە قۆناغەکانی ئاستی تەمەن بچووك قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە بۆئەو یاریزانانەی کە ئارەزوویان هەیە بۆئەم یارییەو گرنگی زیاتریان پێ بدرێت، هۆڵی تایبەت بکرێتەوە بۆئەم یارییە ڕێژەی مامۆستایانی بیانی بهێنین بۆ مەشق پێکردن.

***کێشەو گرفتان چییە لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر؟**

هیچ کێشەیەکمان نییە وەکو تیپ، چونکە کارگێڕانی یانەکەمان گرنگی باشمان پێ دەدەن لە گشت ڕوویکەوە لەدابین کردنی کەل و پەل.

*** ئەی کێشەت بۆدروست نابێت کە لە یەك کاتدا دوو کار دەکەی هەم وەکو یاریزان هەم وەکو ڕاهێنەریش؟**

-من خۆشەویستیم زۆر بۆ ئەم یارییە هەیە بۆیە هەمیشە من کاتەکانی خۆم ئامادەکردوە بۆئەم یارییە بۆیە لە پاڵ ئەنجامدانی یاری کردنم و خزمەتی هەموو ئەو یاریزانانەش دەکەم کە پێویستیان بەمن بێت.

***کێشەی یانەکانی کوردستان لەچی زیاتر ڕەنگ دەداتەوە؟**

- ئەوەی من تا ئێستا تێبینم کردبێت، نەبوونی هۆڵی تایبەت کێشە بۆ پێگەیینی یاریزانان دروست دەکات.

***هەست ناکەی ڕێژەی یاریزانانی ئافرەتی جیمناستیکار کەمە لە کوردستان؟**

-ڕێژەیەکی باشە بەڵام وەکو پێویست نییە چونکە ئەو ڕێژەیە زۆرە نییە کە لە پاڵەوانێتەکان دەردەکەون،بەهیوای ئەوەم زیاتربن.

*** حەزدەکەی وەکو کچە کوردێك هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانەکانی؟**

-ئەوە هیوای منە زۆر بەخۆشحاڵیەوە حەزدەکەم لە پاڵەوانێتیەکی دەرەوە بە ناوی هەڵبژاردەی کوردستان بەشداربم.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە وەرزشکارێك لە یاری جیمناستیك؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم بەرنامەیەکی تۆکمە دابنێم بۆخزمەت کردنی ئەم یارییە و یانەی پێشمەرگەی هەولێریش یەکێك بێت لە یانە بەهێزەکان و تیپێکی ئاست بەرزیش بۆئەوان دروست بکەم.

***بەچ یاریزانێك زۆر سەرسامی لە یاری جیمناستیك؟**

-بەکچە یاریزانی ئێرانی مریەم کە یاریزانێکی ئاست بەرزە.

*** هیواو ئاواتت چییە وەکو یاریزانێك لە یاری جیمناستیك؟**

-یاری جیمناتسیك یارییەکی گرنگە لەجیهان و گرنگی زۆریشی هەیە منیش بەهیوای ئەوەم لە پاڵەوانیتێکی جیهانی بەشداربم و بتوانم ئەنجامێکی گەورەی جیهانی تۆماربکەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-سوپاس بۆگۆڤاری گوڵانی خۆشەویست بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بە وەرزش بدەن و خزمەتی هەموو یارییە تاکەکان بکەن.



دیماند: کارزان کانەبی

# ئاشلی کۆڵ گرێبەستی لەگەڵ چێڵسی نوێکردەوە





دوای ئەوەی هەواڵەکان باسیان لە رۆیشتنی یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە و یانەی چێڵسی ئەشلی کۆڵ بۆ یەکێك لە یانەکانی خولی ئیسپانی یاخود فەرەنسی کرد، هەفتەی رابردوو ئاشلی کۆڵ بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی چێڵس بۆ ماوەی یەك وەرز نوێکردەوە.

لە کۆتایی مانگی ٦ی ئەمساڵدا ئەشلی کۆڵ گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی چێڵسی تەواو دەبوو، بۆیە هەواڵەکان باسیان لە رۆیشتنی کۆڵ بۆ یانەی ریال مەدرید یاخود پاریس سان جێرمان دەکرد بەهۆی بوونی هەردوو راهێنەر مۆرینهۆ و ئەنشلیۆتی لەم دوو یانەیە، چونکە ئەم دوو راهێنەرە پێشتر راهێنەری ئاشلی کۆڵ بوون.

جێگەی باسە ئەشلی کۆڵ تەمەن (٣٢) ساڵ لە ساڵی ٢٠٠٦ لە یانەی ئەرسناڵ هاتە ریزەکانی یانەی چێڵسی.






# چوار شاری ئەڵمانیا پاڵێوراوە بۆ میوانداریکردنی یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠٢٠

یەکێتی تۆپی پێ ئەوروپا بەفەرمی بڕیاری دا لە ساڵی ٢٠٢٠ جامی نەتەوەکانی ئەوروپا لە گشــت وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا ئەنجام بدرێت.

بۆیە هەر لە ئێستاوە یەکێتی تۆپی پێ ئەڵمانیا چوار شاری دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی یەکێکیان میوانــداری یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠٢٠ بکات.

لە لێدوانێکیدا بۆ میدیاکان ســەرۆکی یەکێتــی تۆپی پێی ئەڵمانیا فۆلفانگ نێرســباگ گوتی: دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێ ئەوروپا بڕیاریدا یارییەکانی قۆناغی کۆتایی لەو یاریگایە بەڕێوە بچێت، کە شــوێنی زیاتر لە ٧٠ هەزار هاندەر دەبێتەوە و یارییەکانی کۆمەڵەکان لەو یاریگایانە بەڕێوە بچێــت، کە جێگەی ٥٠ هەزار هاندەر دەبێتەوە بۆیە ئێمە چوار شار دەستنیشان دەکەین بۆ ئەوەی یەکێکیان میوانداری یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا بکات و شــارەکانیش بریتین لە (بەرلین، میونیخ، دۆرتمۆند، شتۆتگارت).

جێگەی باســە وا بڕیارە فەرەنســا میوانداری یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا بکات لە ساڵی ٢٠١٦.




## پێکهاتەی بەرازیل بۆ یارییەکی ئینگڵتەرە ئاشکرا کرا

دوای ئــەوەی یەکێتی تۆپی پێ بەرازیل بەفەرمــی راهێنەر لویس فلیپ ســکۆلاری وەکو راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل دەستنیشان کرد، ســکۆلاری هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠١٤ ئامادە دەکات بە ئەنجامدانی چەند یارییەکی دۆستانە، وا بڕیارە لە ٦ی مانگی داهاتوو هەردوو هەڵبــژاردەی بەرازیل و ئینگڵتەرە رووبەرووی یەکتر ببنەوە، بۆ ئەم یارییە راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل بانگهێشتی ١٨ یاریزانی کردووە، کە گرنگتریان رۆناڵدینهۆیە دوای دوورکەوتنەوەی لە ریــزی هەڵبژاردەکەی بۆ ماوەیەکــی زۆر، پێکهاتەی هەڵبژاردەی بەرازیل بۆ ئەم یارییە بەمشێوەیە:

گۆڵچی: جۆلیۆ ســیزار (کوینس پارك رینجــرز ئینگڵتەرە)،دیگۆ ئەلڤێش (ڤالنسیا)

هێڵی بەرگری: دانی ئەلڤێش (بەرشــلۆنە)، ئەدریانۆ (بەرشــلۆنە)، دیڤید لویس (چێڵســی)، دانتــی (بایەرن میونیخ)، لیاندرۆ کاســتان (رۆما)، میراندا (ئەتلەتیکۆ مەدرید).

هێڵی ناوەڕاست: رامیرێس (چێڵسی)، ئۆسکار (چێڵسی)، ئەرۆکا (سانتۆس)، پاولینۆ (کۆرنتیاز)، هرناندێس (لازیۆ)، رۆناڵدینهۆ (ئەتلتیکۆ مێنێرۆ).

هێڵی هێرشــبەر: هالك (زێنیت)، نیمار (سانتۆس)، لۆکاس مــۆرا (پاریس ســان جێرمان)، فرید (فلۆمێنیســی)، لویس فابیانۆ (ساوپاولۆ).

## هاینکیس:
## کاتی مۆرکردنی گرێبەستی گواردیۆلا گونجاو نەبوو

دوای ئــەوەی یانەی بایــرەن میونیخ بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ راهێنەری ئیســپانی گواردیۆلا مۆرکرد بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو سەرپەرشــتی یانەی بایرەن میونیخ بکات، لە کاردانەوەیەکیدا راهێنەری ئیســتای بایرەن میونیخ یۆب هاینکیــس نیگەرانی خــۆی لە کاتی راگەیاندنی گرێبەســتەکە نیشــاندا و گوتی:کاتی ئەم گرێبەستە گونجاو نەبوو دەبوایــە ئەم گرێبەســتە زووتر بکرابایە یاخود لە پشــووی زستانە، چونکە ئەو کاتە رۆژی پشووی فەرمی بوو، بەڵام ئێستا رۆژنامەنووسەکان رۆژانە دێنە نێو یاریگا و لــە بچووك و گەورەی یانەکە دەپرسنەوە دەربارەی بۆندەکە.

لە درێژەی قســەکانیدا یۆب هاینکس گوتی: هەر کەسێك شارەزای چۆنیەتی کارکردنــی مــن بێــت، دەزانیت چۆن مامەڵە لەگەڵ یاریزانەکان یاخود تیپەکە دەکەم، بەهیچ شێوەیەك تیپەکەم لە دەست نەداوە من راهێنــەرم و گرنگ نییە لە چ شــوێنێك کارم کردووە گرنگ ئەوەیە ئێســتا من راهێنەری یانــەی (بایرەن میونیخ)م.



# مەحمود عەزیز: سێ مانگە هیچ مووچەیەک بە یاریزانانی تیپەکان نەدراوە

هەرچەندە یانەی وەرزشی هەولێر ئەم وەرزە بەنیازی ئەوەبوو جیا لە سالانی ڕابردوو بتوانێت ئاست و ئەنجامێکی شایستە پێشکەش بکات لە خولی بژاردەی عێراقی و جامی یانەکانی ئاسیا،بەڵام تاکوئێستا بڕی ئەوە بودجەیەی وەرنەگرتووە کە بڕیار بوو لەلایەن حکومەتەوە پێیبدرێت و ئەو پارەیەش لەلایەن وەزارەتی دارایی ڕاگیراوە، یانەی هەولێر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی پێویستی بەهاوکاری حکومەت هەیە، هەروەها یانەی هەولێریش سەرەڕای قەرزاری و مووچەی چەند مانگێکی تیپەکانی یانەی نەداوە لەم بارەشەوە مەحمودعەزیز سکرتێری یانەی هەولێر بە گۆڤاری گوڵانی گوت: ئێمە لە ئێستادا بارودۆخی یانەکەمان باش نییە چونکە قەیرانی دارایی رووی لە یانەی هەولێر کردووە و زیاتر لە بڕی یەك ملیار و نیو دینار پارەی خەڵکمان لایە و ئەو پارەیەش ئەگەر هەر حکوومەت پێمانی نەدات هەر لەسەرمان زیاد دەبێت و کەڵەکە دەبێت، ئەگەر ئەم پارەیەشمان لەلایەن حکومەتەوە پێنەدرێت ئەوە کارو باری یانەکەمان ئاڵۆزدەبێت و تاڕادەیەك کێشەمان بۆدروست دەبێت بەهۆی زۆری چالاکییەکانمان پێویستمان بە هاوکاری حکومەتە چونکە ئێمە بەشداری ئاسیایمان هەیە ئەویش پێویستی بە پارەیە و پێویستمان بە هێنانی یاریزانانیشە بودجەی یانەکان کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە بڕەکەی ١٢ملیار دینارە و٤ملیار بۆ وەرزە و بەڵام پارەکە لایەن وەزارەتی دارایی ڕاگیراوە،ئێمە سێ مانگە مووچەی هیچ تیپێکی یانەکەمان نەداوە لە یانەی هەولێر جگە لە یاریزانانی خولی عێراقی نەبێت یەك مانگمان پێداون، بۆئەنجامدانی چالاکیەکانمان پێویستمان بە پارەیە، ئێمە هەر چەندە گاسنینی ڕاهێنەر سێ یاریزانی هێنابوو بەڵام بەهۆی باش نەبوونی ئاستی یاریزانەکان هەریەك لە یاریزانان( مارکۆریستیج و بۆجان بلیجج) بەڕێ کران، بەڵام تەنیا یاریزان(ئەلیکساندەر) کە لە هێڵی بەرگری یاری دەکات کە بڕی گرێبەستەکەی بۆیەك وەرز دەگاتە ٩٠هەزار دۆلار بە مووچەو گرێبەستەوە، گوتیشی لە رۆژانی داهاتوو بەرنامەمان هەیە یاریزانێکی میسری بەناوی (محەمەد شەعبان) لە یانەی ئەنبی میسری یاری دەکات و یاریزانی هەڵبژاردەی میسرە و لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات گفتوگۆمان لەگەڵ کردووە، بۆئەوەی بیهێنینە ریزی یانەی هەولێر.



## باسم قاسم بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ یانەی سلێمانی دادەڕێژێت

هەرچەندە دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانی بەفەرمی ئەرکی سەرپەرشتی کردنی مەشقی یانەکەی بە ڕاهێنەری عێراقی باسم قاسم سپارد، لەخولی بژاردە لە ماوەی ڕابردوو ئاستی یانەکە باش نەبوو بەم هۆیەشەوە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی لە خەسرۆ گورنەوە درا بە جەنەڕاڵ باسم قاسم، هەر بۆیە لە کۆی ئەنجامدانی چوار یاریدا توانی هەشت خاڵی گرنگ بۆ یانەی سلێمانی کۆبکاتەوە، لە ئێستاشدا باسم قاسمی ڕاهێنەری یانەی سلێمانی خەریکی بەرەو پێشبردنی ئاستی یانەکەیە بۆ ئەوەی لە قۆناغی دووەمی تیپەکە بەشێوەیەکی باشتر ئامادەبکات، بۆئەم مەبەستە باسم قاسم ڕاهێنەری یانەی سلێمانی بە گۆڤاری گوڵانی گوت : یاری بۆ یاری ئاستی یانەی سلێمانی بەرز دەبێتەوە زیاتر لەگەڵ یاریزانەکان ئاشنا دەبم کە ماوەی ٤یارییە تیپەکە لە ئەستۆی منە وهیچ یاریەکمان نەدۆڕاندوە و من رۆژ لەدوای رۆژ خەریکی چاك کردنی تیپەکەم و دەمەوێت بە شێوازێکی زۆر باش ئامادەیان بکەم بۆیارییەکانی خولەکە، خۆشتان دەزانن خولی عێراق دوو قۆناغە لە قۆناغی یەکەم ئەو کێشانەی کە هەمانە چارەسەریان بۆبدۆزینەوە، لە قۆناغی دووەمیش دەمەوێ بەسەر کێشەکان زاڵ بم و چارەسەریان بکەم، ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ئەو کێشەو گرفتانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بە وەرگرتنی یانەی سلێمانیش دەبێ بەسەر کەم و کوڕییەکاندا زاڵ بین و چاکی بکەین، لە یارییەکانی داهاتووشدا چەند هەنگاوێك بەرەو پێش بچین ئەوەش ماندووبوونێکی زۆری پێویستە ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دێتە پێشمان بەزووترین کات چارەسەری بکەین، ئێمە بەردەوام دەبین لە ئامادەکارییەکانی خۆمان بۆئەوەی تیپەکە ڕێك بخەینەوە، گوتیشی هەرکات پێویستمان بەهێنانی یاریزان هەبێت ئەم گۆڕانکارییە ئەنجام دەدەین، سوودێکی زۆریشمان لەم ماوەیە پشووە وەرگرت و چەند یارییەکی دۆستانەشمان ئەنجامدا.





# کەرکوک هەڕەشەی پاشەکشە لە خولی بژاردەی عێراق دەکات

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا یانەی کەرکوك بڕیاری ئەوەی داوە کە سەرجەم چالاکییەکانی لەخولی بژاردەی عێراق هەڵپەسێرێت، بەهۆی ئەو کێشە داراییانەی کە دووچاری یانەکەی بووە، هەرچەندە یانەی کەرکوك ئەم وەرزە لە خولی بژاردەی عێراقی وەکو یانەیەکی کوردستانی بەشداربووە، بەڵام لەسەرەتای خولەکەوە تاکو ئێستا هەر بەدەست کۆمەڵێك کێشەی جۆراوجۆر دەناڵێنێت، بەتایبەتیش نەبوونی توانایەکی دارایی باش کە ئەم خولە پێویستی بە پارەی زۆرە، لەگەڵ نەبوونی پاسێکی تایبەتی بۆ گواستنەوەی یاریزانانی بۆ یارییەکان،لەم بارەشەوە رێبوار تۆفیق ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکوك بە گوڵانی گوت: رۆژ بەرۆژ کێشەکانم زۆرتر دەبن بۆیە ئێمە ناتوانین بەم شێوەیە بەشداربین لەخولی بژاردە بەردەوام بین، تاکوئێستا بڕی گرێبەستی یاریزانانمان نەداوە ئەوەش کێشەمان بۆدروست دەکات بۆیە دوایین مۆڵەتمان داوە بە لایەنی پەیوەندیدار، جا ئەگەر هەتا سەرەتای مانگی داهاتوو هاوکاریمان نەکەن، ئەوا لە خولی بژاردەی عێراقی پاشەکشە دەکەین و تەنیا لەخولی کوردستاندا بەردەوام دەبین.



## هەڵەبجە ڕاهێنەرێکی نوێی دەست نیشان کرد

دوای ئەوەی یانەی هەڵەبجەی شەهید نەیتوانی لە یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان ئاستێکی شایستە پێشکەش بکات خۆی لە پێشەنگی یانەکانی کوردستان ببینێتەوە، هەربۆیە کاژاو کەمالی ڕاهێنەری یانەکە بەهۆکاری تایبەت دەست لەکارکێشانەوەی لە مەشق و ڕاهێنانی یانەی هەڵەبجە راگەیاند، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش دوای ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە، بەمەبەستی پڕکردنەوەی شوێنی ڕاهێنەری پێشوو، چەندین ڕاهێنەریان دەست نیشان کردبوو،دواتر دەستەی کارگێڕیی یانەکە بڕیاری دا شاهین عەباسی بەڕەگەز عەرەبی شاری بەغدا بۆ شوێنی کاژاو کەمال دەست نیشان بکات، بۆئەوەی لە یارییەکانی داهاتووی خولی پلە یەکی کوردستان سەرپەرشتی مەشقی یانەی هەڵەبجەی شەهید بکات و بتوانێ ئاستی یانەی هەڵەبجە بەرزبکاتەوە، بۆئەوەی ئەم وەرزە یانەی هەڵەبجە بگەیەنێتە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، جێگای ئاماژە پێکردنە شاهین عەباس پێشتر لەگەڵ چەندین یانەی بەناوبانگی عێراقی کاری کردووە و یاریدەدەری باسم قاسمی ڕاهێنەری یانەی سلێمانی بوو لەخولی بژاردەی عێراقی.